# سەرنجێک لەسەر حزب و کاری حزبی لە هەرێمی کوردستان

13-03-2023

**نووسەرەکان**

د. زوبێر رەسوڵ

**کورتە :** بەداخەوە کادیری بەشێکی زۆری حزبە کوردییەکان لە قاڵبێکی تەسکی حزبیدا سەیری سیاسەت و حوکمڕانی دەکەن. بە تایبەت دوو حزبە سەرەکییەکەی دەسەڵات، کادیرانی حزبەکەیان لەسەر بنەمای دەستەمۆیی و هاوڕایی و لەگەڵ روانگەی سەرکردەکان هەڵدەبژێرن

## دەسپێک

حزب وەك هەر دامەزراوەیێکی دیکە لە قۆناخێك لە قۆناخەکانی ژیانیدا پێویستی بە پێداچوونەوە و دیاریکردنی ئامانجو ستراتیژیەتی کارکردنی نوێ هەیە، بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو گۆڕان و کێشەو قەیرانانە ببێتەوە کە هاوکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوریەکان لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنن. چونکە تێکڕای دامەزراوەکان بەو کارلێکردنەی کە لەگەڵ واقیعدا هەیانە تووشی گۆڕانکاری دەبن و پێویستیشیان بە نوێبوونەوە هەیە. لەوانەیە ئەم گۆڕان و نوێبوونەوەیە ببێتە هۆی پەرەسەندنی حزبەکە یانیش لە هەندێک حاڵەتدا ببێتە هۆی شڵەژان و دواتر لێکترازانی حزبەکەش (بە تایبەت لە ناو ئەو پارتانەی کێشەی قەیرانی سەرکردایەتییان هەیە)، یانیش دابەشبوونی بۆ دوو دامەزراوە یان زیاتر ( وەك ئەو حاڵەتەی لە حوزەیرانی 2009دا بەسەر (ی.ن.ك)دا هات. لەم نوسینەدا هەوڵدەدەم بەچاوێکی رەخنەیی و زانستییانە، تاوتوێی حزب و کاری حزبی لە هەرێمی کوردستاندا بکەم.

## تایبەتمەندی حزبەکانی هەرێمی کوردستان

مەبەستمان لە حزبە سیاسییەکان کۆبونەوەی کۆمەڵە کەسانێکە لە دەوری کۆمەڵێک بیرۆکە و ئامانجی سیاسی و کارکردن بە شێوەیەکی رێکخراو بۆ سەرکەوتنی ئەو بیرۆکەیە، لە رێگای گەیشتن بە دەسەڵات یان دورستکردنی کاریگەری لەسەر حکومەت و بڕیارەکانی. لە ئەدەبیاتی حزبناسیدا، ساتەوەختی سەرەتا، ئەو ساتەی کە پارتێکی سیاسی تێیدا لەدایک دەبێت، ساتە وەختێکی گرنگ و کاریگەرە لە سەر کۆی ئاراستەی پارتی سیاسی و بە دامەزراوەیبوونی پارتەکە. زۆربەی حزبەکانی هەرێمی کوردستان بە دەست قەیرانی دامەزراوەییەوە دەناڵێنن، هەر کاتێک سەرکردە یان کەسی یەکەم نامێنێت پارتەکەش تووشی کێشە دەبێت، بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە دەسەڵاتەکانی حزب، یان دەسەڵات لە دەست یەک کەسە، یانیش دەسەڵات بەسەر چەند شوێنێک دابەش بووە کە لەدەرەوەی رێساکانی پەیڕەوی حزبە، بۆ نموونە سەرۆک، مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، نوسینگەی سەرۆک...تاد. بەجۆرێک بەشێکی زۆری پارتە سیاسیەکانی ئێمە لە هەناوی یەکتر هاتونەتە دەرو لە دژی یەکتر دروستبوونە. تا ئەو ئاستەی پێکهاتەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان هەندێک جار خۆیان بەشێکن لە کێشە نەک چارەسەر بۆ ئەو دۆخە سیاسییەی کە هەیە. پارتەکانی هەرێمی کوردستان زۆربەیان لە ژینگەی پەرلەمانی و فرە حزبیدا لە دایک نەبوون، پارتی سیاسی کوردی نە لە هەناوی کایەی دیموکراسیدا هاتۆتە دەرەوە، نە ئامانجیشی فەراهەم کردنی دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد بووە، بە تایبەتی لە سەرەتای دروستبوونیاندا. ئەگەر حزبەکانی سەردەمی شاخ بە نموونە وەرگرین، دەبینین گشتیان بە ئامانجی دژایەتی رژێمە یەک لەدوایەکەکانی دەوڵەتی عێراق دروست بوون، ئەمە تا ئێستاش کاریگەری لەسەر بەشێک لە حزبە کوردییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی هەیە کە لە گوتاردا هێشتا خۆیان وەک پارتی خەباتی شاخ و ئۆپۆزسیۆن دەبینن نەک پارتێکی خاوەن دەسەڵات و حوکمڕان و کۆمەڵگای مەدەنی و بەرژەوەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی..تاد.

## لەسەر ئاستی کادیرانی حزب

کادیرانی حزب روانگەو وێنە و پەیامبەری حزبن لە ناو کۆمەڵگاو سەکۆکانی میدیا و سۆشیالمیدیا، خەڵک حزبەکان لە رێگای کادیرەکانییەوە دەناسن و هەڵدەسەنگێنن. بەداخەوە کادیری بەشێکی زۆری حزبە کوردییەکان لە قاڵبێکی تەسکی حزبیدا سەیری سیاسەت و حوکمڕانی دەکەن. بە تایبەت دوو حزبە سەرەکییەکەی دەسەڵات، کادیرانی حزبەکەیان لەسەر بنەمای دەستەمۆیی و هاوڕایی و لەگەڵ روانگەی سەرکردەکان هەڵدەبژێرن، کەچی هەڵسەنگێنەری سەرەکی کادیرەکان دەبێت پێگەی جەماوەرییان بێت نەک سەرکردایەتی، بۆیە دەبێت لە هەڵبژادنی کادیرو سەرکردە حزبییەکاندا لە چاوی جەماوەرەوە سەیری پێگە و بەهای کادیرەکانی حزب بکرێت. بە تایبەتیش لە کۆنگرەی حزبەکان نابێت کادیر یان سەرکردەکان تەنیا لەسەر بنەمای رەزامەندی ئەندام و کادیرو سەرکردەکانی حزب دەسنیشان بکرێن یان هەڵبژێردرێن. بەڵکو دەبێت رەچاوی ئەو رێژە زۆرەی خەڵکیش بکرێت کە بێ لایەنە یان ئۆپۆزسیۆنە و لە لایەنەکانی دیکەیە . لە کوردستاندا هیچ حزبێک زیاتر لە ٢٠٪ دەنگی خەڵکی نەهێناوە، کەواتا لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی و کادیرو سەرکردەکان دەبێت حسابی خەڵکی بێلایەن و لایەنەکانی دیکەش بکرێت، کە کامە کادیر دەتوانن کاریگەر بن لەو بوارەدا. واتا راکێشانی سەرنجی خەڵکی دەرەوەی حزب لە رێگای کادیری هاوسەنگ و رەخنەگر کە لای لایەنەکانی دیکەش جێگای شەرم و رق نەبێت. گەورەبوون و مانەوەی هەر پارتێک تا ئاستێکی زۆرە بەندە بە راکێشانی دەنگی بێلایەن و حزبەکانی دیکە. هەر حزبێک لە دانانی کادیر و بەرنامەو ستراتیجەکانی تەنیا حسابی ئەندامەکانی خۆی بکات قەت ناتوانێت گەورە بێت و ببێتە حزبی زۆرینەی خەڵک. هەندێک کادیری حزب هەن بەداخەوە هەر نابێت رێگایان پێ بدرێت قسە بۆ گشت بکەن یان هەڵسەنگاندن بۆ کادیرانی حزب بکەن، چونکە ئاستی مەعریفی و تێگەییشتنیان زۆر لە خوار ئاستی ئەوانەیە کە هەڵدەسەنگاندنیان بۆ دەکەن! بەشێک لە حزبەکان دەشێت ئاگایان لەوە نەبێت کە زۆربەی ئەو کادیرانەی پاڵپشتی کوێرانەی هەموو سیاسەتێکی حزب دەکەن یان لەکاتی ململانێ و ناکۆکییە حزبییەکاندا لەسەر شاشەکان

دەردەکەون دەست دەکەن بە قسەی زبر بە نەیارەکانیان. ئەم کادیرانە لە راستیدا لە روانگەی جەماوەردا ناشیرینترین کادیرن و هەمیشە ئامادەن کە راستی لە سەرکردایەتی حزبەکەیان بشارنەوە. کادیری چالاکی حزبی و دڵسۆز ئاساییە رەخنە لە سیاسەتەکانی حزبەکەی خۆشی بگرێت، بە هەڵە بڵێت هەڵەیە، چونکە خەڵک لە پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بەشی ئەوەندە وشیارن سیاسەتی هەڵە و دروست لەیەکتر جیابکەنەوە. ئەمە وا دەکات حزبە نەیارەکانت دەرفەتی ئەوەیان نەبێت کار لەسەر هەڵەکانت بکەن و دوو ئەوەندەش گەورەی بکەن.

## نەمانی کاریگەری رۆشنبیران و گوتاری رۆشنبیری و ئایدۆلۆژیا لەسەر حزبەکان

حزبە سیاسییەکان لەبەر ئەوەی داینەمۆی سەرەکی گەشەپێدان و پێگەیاندنی سیاسین، هەمشیە کاریگەری زۆریان هەبووە بەسەر ئاستی رۆشنبیری سیاسی کۆمەڵگا، گەورەترین فەیلەسوفەکان وەک مارکس و لینین و سارتەر و ترۆتسکی، رۆسۆ و چەندین بیرمەند و فەیلەسوف بە ئایدۆلۆژیاوە لە پشت پارتە سیاسییەکان بوون و هەوێنی کاری حزبی رۆشنبیری کادیرەکان بوون. لە کوردستانیش، لە سەرەتای خەباتی چەکداری، رۆشبیرانی کورد و ئایدۆلۆژیاکانی وەک سۆشیالیزم و لیبرالیزم و سێکیولاریزم هەمیشە ماکینەی ئایدۆلۆژی حزبەکان بوون و رۆلی زۆرییان هەبوو لەگەشەکردنی حزبە سیاسیەکان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگای کوردی لە دژی رژێمی بەعس. رێنسانس و رۆشنگەری و شۆرشی فەرەنسی کاراکتەری سەرەکییان رۆشبیرەکانی وەک ڤۆڵتێر و رۆسۆ و دەیڤد هیۆم و مۆنتسکیۆ..تاد بوون، ئەمانە بوونە پاڵپشتی گەشەکردنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کە ئێستا کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا لە سایەیاندا حوکمی دنیا دەکەن، بەڵام بە داخەوە بە تایبەت لەم چەند ساڵانەی دواییدا، پاشەکشەیێکی زۆر هەیە لە هەڵویستی حزبەکان لەسەر پرسە سیاسی و کولتوری کۆمەڵایەتییەکان، بە جۆرێک بەشێکی زۆر لە حزبەکان ناتوانن بڵێن ئێمە سیکیولارین یان لیبرالین، یان چەپین، لە ترسی تورەبوونی رەوتێکی سیاسی/ئایینی یان کۆمەڵایەتی کە رێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی. بەڵکو ئەوانەی روانگەی چەپیشیان هەیە خۆیان بە بزوتنەوەی جەماوەری دەزانن و پشتگیری دەسەڵاتە خێڵەکییەکان دەکەن. ئەمە وایکردووە ئاستی رۆشنبیر و پیگەی رۆشنبیر و شارەزا و کەسایەتییە رۆشنبیریی و ئەکادیمییەکان هیچ گرنگییەکیان لە ناو حزبەکان نەبێت، بۆیە سەیر نییە بەشێک لەوانەی لە کۆنگرەی حزبەکانیش دەردەچن و لەناکاو هەڵدەتۆقن، هیچ ئاستێکی تیگەیشتنیان نییە بۆ پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی کولتورییەکانی کۆمەڵگای کوردی و تێگەیشتن لە گەنج و چەندین پرسی دیکە کە کۆمەڵگا بە دەستیەوە دەناڵێنی، بەڵکو ئەوەی لێیدەزانن کاتێک ململانێکان گەرم دەبن لە سۆشیالمیدیا یان لەسەر شاشەکان دەست دەکەن بە قسەی ناشیرین، پشتگیریکردن لە سیاسەتی چەوت و خۆشکردنی ئاگری ململانێکان، ئەمە لە راستیدا وایکردووە حزب و حکومەت و پەرلەمان و بەشێکی زۆری دامەزراوە سیاسییەکان تەژی بن لە خەڵکێک کە هیچ دیدگا و دنیابینینێکیان نییە بۆ کاری حزبی و پێشخستنی کۆمەڵگای کوردی، بەڵکو لە دنیای تەسکی دڵسۆزی کوێرانە بۆ حزب و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان دەژین و هەموو ئەرکی حزبییان بریتییە لە بەدەستهێنانی رەزامەندی و کادیرەکانی سەری خۆیان و شاردنەوەی دۆخی خراپی حزب لە سەرکردایەتی.

## رەچاونەکردنی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی

سەرکەوتن و بەردەوامبوونی هەر پارتێکی سیاسی لە جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌و ئابورییەکان و بە بەهێزکردنی پێگەی جەماوەری، بەندە بەو توانایەی کە ئەو پارتە تا چەند توانیویەتی لە راستی ئەو قوناخەدا تێبگات کەتێیدا دەژی. بەو واتایەی دەبێت بەرنامەو پرۆژەکانی هەر حزبێکی چالاك هاوتا بێت لەگەڵ ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگادا. بە تایبەت کۆمەڵگای کوردی کە لە دوای ۲۰۰۳دا بە گۆڕانکاری خێرادا تێدەپەرێت لە زۆربەی کایەکاندا. بەدڵنیاییشەوە ئەو پارتەی کەدەتوانێت لە ئاست ئەو هۆشیاریەدا بێت دەتوانێت سەرنج و گرنگیپێدانی جەماوەر بۆ خۆی رابکێشێت. کەچی لە هەندێک پرسی دیکەدا حزب دەبێت کۆمەڵگاو جەماوەر ئاراستە بکات و بەرگری لە بەها جیهانییەکان بکات. کەچی بە پێچەوانەوە زۆربەی پارتەکانی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدەن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا و رێسا کولتورییەکانی کۆمەڵگا و بنەما خێڵەکییەکانی کۆمەڵگای کوردی بگونجێنن نەک هەوڵی گۆڕان و پێشخستنی بدەن، ئەمە لە کاتی کەمپینی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی کاندیدانی حزبەکان زۆر بە روونی دەردەکەوێت. لەم سۆنگەیەوە دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری حزبەکانی هەرێمی کوردستان پارێزەرەی بەها کۆن و چەقبەستووەکانن نەک گۆڕینی بەهای نوێ و بەرهەمهێنانی رۆشنبیری سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمییانە.

ئەو پرسەی کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەبێتە مەترسی بۆ سەرجەم حزبەکان و پرۆسەی حوکمڕانی، نە مەترسی هەرێمییە و نە مەترسی عێراق و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناوخۆیە، بەڵکو مەترسی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو هەڵاوسانەیە کە لە رێژەی گەنج و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و زیادەی دەستی کار هەمانە لە هەرێمی کوردستان. مەزندە دەکرێت رێژەی گەنج لە هەرێمی کوردستان لە٤٠٪دا بێت هەروەها لە ٥٠٪ گەنجان متمانەیان بە سیاسەت نییە لە بەرامبەردا ٧٢٪ تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن. لە هەرێمی کوردستان ساڵانە ٦٠ هەزار گەنج و زانکۆ پەیمانگاکان تەواو دەکەن، بە نزیکەی ٤٠ هەزاری دیکەش لە دەرەوەی زانکۆ و پەیمانگاکان دێنە ناو بازاری کار. واتا

نزیکەی ١٠٠ هەزار گەنج دێنە ناو بازاڕی کار بە بێ ئەوەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بتوانێت بیانگرێتە خۆ. ئەمانە لە ڕاستیدا لە چەند ساڵی داهاتوو دەبنە بۆمبێکی ئامادەکراو بۆ تەقینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان. چونکە بەپێی ڕاپۆرتی PAI لە نێوان ساڵانی 1970 تا 1999دا لە سەدا 80ی ململانێی مەدەنی لەو وڵاتانەدا ڕوویداوە کە 60٪ی دانیشتووان یان زیاتریان تەمەنیان لە سی ساڵ کەمتر بووە. بە داخەوە ئەمە تا ئێستا نەبۆتە خەمی حزبەکان، بە تایبەت لە هەڵبژاردنی کادیرەکانیان کە بەشێکی زۆرییان (گەر زیادەڕۆیم نەکردبێ) لە دنیایێکی دیکەدا دەژین!

## کاریگەری سۆشیالمیدیا لەسەر حزب و کاری حزبی

مەبەست لە سۆشیالمیدیا (Social Media) یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە جۆرێکی نوێی ڕاگەیاندن کە دەرفەتی مامەڵە لەنێوان خاوەن پەیام و وەرگردا دەڕەخسێنێت، لەم جۆرە میدیایەدا "وەرگر" (خەڵک) هەر تەنیا کارتێکراو نییە، بەڵکوو مامەڵەیەکی چالاکانە لەگەڵ پەیام و نێرەردا دەکات و توانای دەستکاری و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەشی هەیە، واتە پەیامەکە لەگەڵ هزر و بیروبۆچوونی خۆیدا تێکەڵ دەکات و دەینێرێتەوە بۆ کەسانی دیکەش. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مۆدێلێکی نوێی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دادەنرێن کە تیایدا پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەران لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە فەراهەم دەبێت. ئەم کاریگەرییە ئێستا بە ڕوونی لەسەر حزب و کاری حزبی دیارە، بەجۆرێک زۆر ئەستەمە حزبەکان بتوانن وەک جاران جەماوەرێکی دیاریکراوی بێ مەرجیان هەبێت، بە تایبەت توێژی گەنج و نەوەی زێد چیتر مۆڵکی هیچ پارتێکی سیاسی نین، خێزانەکانیشیان دەسەڵاتیان بەسەردا نیە. ئەم نەوەیە پرسی مێژوو و خەبات و مافە نەتەوەییەکانی ئەوەندە بەلاوە گرنگ نییە ئەوەندەی ئێستای ژیانی خۆی پێ گرنگە. ئەم نەوەیە زۆر وابەستەی سۆشیالمیدیایە. لە هەرێمی کوردستانیش بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا ڕۆژانە گەیشتووەتە 4 کاژێر و 42 خولەک، واتە زیاتر لە یەک لەسەر شەشی کاتی خەڵکی داگیرکردووە کە هیچ حزب و سیاسەتێک ناتوانێ ئەوە بکا.

پێشتر سەرچاوەکانی زانیاری، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و تیڤی بوون. بەپێی ئەنجامەکانی نوێترین ڕاپرسی کە لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو ئەنجامدراوە، 51.31٪ ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هیچکام لە تیڤی، ڕادیۆ و ڕۆژنامە بەکارناهێنن بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری. لە لایەکی تر 77.57٪ی بەکارهێنەرانی سۆشیالمیدیا سەرقاڵی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانن نەک سیاسەت، تەنیا 30.75٪ ئەوانەن کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بەدواداچوونی بابەتە سیاسییەکان بەکاردێنن. لەڕووی لایک یاخود حەزکردن بە بینینی پۆستی کەسایەتییە سیاسییەکان، 54.77٪ی بەشداربووان هەرگیز حەزیان بە لایکی پەیجی ئەو کەسایەتییانە نەکردووە. تەنیا 9.35٪ی بەشداربووان زۆرجار لایکی پەیجی ئەو کەسانەیان کردووە. ئەم داتاو زانیاریانە وا دەکات نەک تەنیا کاری حزبی و سیاسی بەڵکو پرۆسەی حوکمرانیش ئەستەم بێت. کەچی بەشێکی زۆری کادیری حزبەکان لەو پێشکەوتن و گۆڕانە خێرایانەی کۆمەڵگای کوردی دابڕاون و یان ناتوانن بەو خێراییە بڕۆن، ئەمەش کاری حزبی و گرنگیدان بە حزبایەتی بەشداری سیاسی لای خەڵک کەمدەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خەڵک دەتوانرێت بە ئاسانی بوروژێندرێت و ئاراستەبکرێت دژی حکومەت حزبەکان و پرۆسەی سیاسی. ئەمە لە ڕاستیدا تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری نوێی گەرەکە، ئاڵینگارییێکیشە بۆ بەردەم کاری حزبی پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.

## ئەنجام

حزب و کاری حزبی لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر  هێشتا لە قەیرانیشدا نەبێت، بەڵام کێشە و ئاڵنگاری زۆری هەیە، کە بەشێک لە سەرکردایەتی حزب و کادیرەکانی هەر هەستیشی پێناکەن، زۆر جار لەکاتی ململانێ سیاسییەکان و خۆپیشاندانەکان وا دەزانن ئەمە دەستی لایەنێکی ناوخۆی یان دەرەکی لە پشتە، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەکە لە شوێنێکی دیکەیە. ئەم گروپ بەندیی و بازنە دروستکردنەی لە ناو حزبە سیاسییەکاندا هەیە خەریکە بە هێواشی ڕۆحی حزبەکان دەکێشێت و ڕێگری سەرەکییە لە بەردەم پێشکەوتنی حزب و کاری حزبی دەرکەوتنی کادیر و کەسانی بەتوانا کە لە ئاست ئەم گۆڕانانەی کۆمەڵگای کوردی بن. ڕوانگەی سەرکردەکانی حزبیش لە دەستنیشانکردنی کەسانێک کە جگە لە "بەڵێ" شتێکی تر ناتوانن بخەنە سەر کاری حزبی و حکومی کێشەیەکی ترەو ڕێگا خۆشکەرە بۆ تۆران و تورەبوونی جەماوەری لایەندار و بێ لایەن لە حزبەکان، تا ئەو ئاستەی لە مێژووی خەباتی سیاسی کوردا قەت بە قەد ئێستا خەڵک بێمتمانە نەبووە بە حوکمڕانی و حزب و سیاسەت، ئەم دۆخە نائومێدێکی سیاسی وای بەرهەم هێناوە، کە لە کاتی دەرکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق بە نەناردنی ٤٠٠ ملیار بۆ هەرێم بگاتە ئەوەی زیاتر لە نیوەی بەشداربووان لە ڕاپرسییەکدا لە هەرێمی کوردستان پێیان وابێت  دەبێت هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە بچێتەوە سەر بەغدا. ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە لەسەر حزب و حوکمڕانی و دەوڵەتداری سەرکردایەتی سیاسی کە دەبێت لە هۆکارەکانی تێبگەین نەک پاساوی بۆ بدۆزینەوە.